# ئایا ئەکرەمی حەپسە جەلالی بوو؟

حەمەسەعید حەسەن

بەشی ڕیپۆرتاژی کوردستانی نوێ دەنووسێت: (شەهید ئەکرەمی حەپسە کادرێکی هۆشیار و بیرتیژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت، بە هۆی ناردنی نامەیەکەوە بۆ هەڤاڵ مستەفا چاوڕەشی پوورزای، کە بە هۆی چەند خۆفرۆشێکەوە دەگاتە دەست ئەمن، دەگیرێت و لە ١٩٨٠/١٢/١٠ دا لە موسڵ لە سێدارە دەدرێت.)(١)

ئەکرەمی حەپسە (١٩٤٥ ـ ١٩٨٠) بۆ تاقە ڕۆژێکیش سەر بە ینک نەبووە و بە مستەفا چاوڕەشی پوورزاشی گوتووە: (پەیوەستبوونی تۆ بە یەکێتییەوە، وەک ئەوە وایە گوێزانت قووت دابێت.) ئەکرەم لە دوا شەوی ژیانیدا نامەیەک بۆ محەمەدی برای دەنووسێت، تێیدا دەڵێت: (جواب بنێرە بۆ مستەفا، پێی بڵێ چاکترین شێوەی تۆڵە بۆ من، ئەوەیە واز بێنێت و بچێ بۆ خاریج.)(٢)

ئەکرەم لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە، دەچێتە ڕیزی حیزبی شیوعی عێراقەوە و دواتر لە دووکەرتبوونەکەی ١٩٦٧ی (حشع)دا، سەنگەری (قیادە مەرکەزی)ی هەڵدەبژێرێت و پێش ئەوەشی بگیرێت سەر بە (کار) دەبێت کە گرووپێکی مارکسیست بوو. شیاوی گوتنە نووسەری ئەم دێڕانە شیعرێکی بۆ شەهید ئەکرەم نووسیوە، هاوینی ١٩٨٣ لە ئۆرگانی کاردا بڵاو کراوەتەوە.

ئەگەر ئەکرەم یەکێک بووایە لە شەهیدانی ینک، مەحوودی مەلا عیززەت کە جەلالییەکی دڵسۆزە، لە (بیرەوەرییەکانی)دا و لەسەر لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ، (ئەو سەروەختەی سەرنووسەری بوو،) سووکایەتی پێ نەدەکرد. شەهیدانی ی. ن. ک هێندە زۆرن، لە ژمارە نایەن، ئیدی یەکێتی چ پێویستی بەوە هەیە، مێژووی ئەکرەم بشێوێنێت؟ ئەوە جێگەی ڕێزە کە یەکێتی پێشوازییەکی گەرمی لە تەرمەکەی ئەکرەم کە لە موسڵەوە بۆ سلێمانی هێنرایەوە، کرد، وەلێ نەدەبوو ئەو مافە بە خۆی ڕەوا ببینێت، وەک شەهیدی یەکێتی بە جەماوەری کوردستانی بناسێنێت.

2003. 08. 22

(١) سلێمانی تەرمی شەهیدی نەمر ئەکرەمی حەپسەی لە ئامێز گرت، بەشی ڕیپۆرتاژ، ل ٤ کوردستانی نوێی ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/٢١

(٢) نامەی ئەکرەمی حەپسە بۆ (محەمەد)ی برای، گۆڤاری ئەلتەرناتیف، ل ١٠٤ ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٥ سلێمانی.